# کوشتنی ئافرەت بە بیانووی ناموس پارێزی پەرەی سەندووە...

**کوشتنی ئافرەت و ئازاردانی کچانی کورد بۆتە دیاردە و ڕۆژبەڕۆژ پەرەدەسەنێ و بکوژانی ئافرەتیش خۆیان بەسەر بەرز دەزانن و نازانن بونەتە مایەی ئازاردان و بێ مافی نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و تاوانبار بەرامبەر چینی ئافرەت، هەر رۆژە و لە سوچ و کونێکی ئەو شارەدا و لەگشتی لایەکەوە دەبینین و دەبیستین ئافرەت دەکوژن وتیرۆری دەکەن، هەموو پاساویش بۆ ئەو تاوانانە هۆی ناموس پارێزیە و شەرەفە، کە لە بنەڕەتدا لێی بکۆڵیتەوە دابوونەریتی کۆمەڵایەتی و پیاوسالارییە و ئەگینا لە هیچ ئایین و یاسا و ڕێسایەکدا ئەمە حەڵاڵ نییە و کارێکی شیاو نییە، هەر بۆ ئەو مەبەستە ویستمان لە رووی ئایینی و کۆمەڵایەتی تەماشای ئەو بابەتە بکەین و چەند مامۆستایەکی ئایینی و چەند لاوێکمان دواند تا بزانین چۆن ئەو کارە ریسوا دەکەن.**

**ر:بێگەرد حوسێن**

**سەرەتا مامۆستا مەلا عیمادەدین سابیچ عەبدوڵلا وتارخوێنی مزگەوتی شێخی چۆلی گوتی:**

بەگشتی مرۆڤ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا رێزی خۆی هەیە، خۆشەویست دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێ مرۆڤ دروستکراوی خودایە و نەعلەت لەو کەسانە کراوە کە بینای خودا تێک دەدەن، پیاو بێت یاخود ژن جیاوازی نییە تەنیا شەرع هەندێ رێگەی داناوە بۆ کوشتن ئەویش دەبێت دادوەر پێی هەڵبستێت، یەکەم لە دینی ئیسلام هەڵبگەڕێتەوە دووەمین زەکاتی ماڵی موسوڵمانان نەدات، سێیەم ئەوەی ژنە و مێردی کردووە یاخود پیاوە و ژنی هێناوە ئەگەر زینا بکات ئینجا دادوەر دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و، ئینجا بڕیاری کوشتنی دەربکات، ئەوانەی کە ژنی خۆیان دەکوژن زۆر جار رقی لێیەتی یان تۆمەتێکی بۆ هەڵدەبەستێ و دەیکوژێ، کوشتن بە هیچ شێوەیەک جاهیز نییە بە تایبەتی کە کچ بێت و مێردی نەکردبێ یان کوڕ بێت و ژنی نەهێنابێ، شەرع رێگەیەکی داناوەکە سەد داری لێبدرێ کە هەستی بە ئازارێک بکات، لە بڕی ئەوەی لە زەتێکی کاتی کردووە، حوکمەکەش بۆ پیاو و ژنە نەک هەر بۆ ژن، بزانن کۆمەڵگەی ئێمە چەند سەیرە حوکم هەر بۆ ژن دەردەکات و بۆ پیاو بڕیار دەرناکات، هەق وایە هەردوولا بەیەک چاو سەیر بکرێن، بۆیە ئێمە بە ناپەسندی دەزانین خۆشەویست(د.خ) فەرموویەتی رێزلێنانی مردوو دەبێت وەکو ئەوکاتە بێ کەلە ژیاندایە و رێزی لێبگرێ، بۆیە نابێ سوکایەتی بە مردوو بکەیت، ئەو تاوانەی لەم ماوەیەدا روویدا زۆر دڵتەزێن و ناخۆش بوو ئەوکچە یەزیدیە بووە مایەی خەمی هەموو لایەک نابێ شتی وارووبدات، چونکە ئەوە فیتنەی بەدواوەیە وخەراپتری بە دوادا دێت، دەبێت راگەیاندن دەوری خۆی ببینێ، چونکە راگەیاندن زۆر گرنگە و دەبێت رێگە بە مامۆستایان ئایینی بدرێ لە tvیە ئاسمانییەکان چونکە لەوێ دەنگ دەڕوات مامۆستایان شتی خۆیان باس بکەن، دڵنیام خەڵک گوێ ڕادەگرن، بۆ پێش ئێستا ئەو هەموو کوشتارە نەبوو ئێستاش رۆژ نییە هەواڵی کەسێک دەبیستین کە کوژراوە، ئەوەش دەگەڕێنمەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دین و جەهالەتی دایکوباوک و جەهالەتی کۆمەڵگا و









ئەو شتانەی کە لە بن سەری ئافرەتان دەخوێندرێ، زۆربەی کچەکان وا دەزانن ئەو کەسەی کەدێتە داخوازی یان خۆشی دەوێت سوار چاکە و هەموو خەون و خەیاڵی دێنێتە جێ، کوڕیش بە هەمان شێوەیە، کچان سۆزیان زیاترە و بۆیە زیاتر تووشی ئەو کێشانە دەبن، پێویستە حکومەت هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاتر بڵاو بکاتەوە و گرنگی زیاتر بە مامۆستایانی ئایینی بدات تا خەڵک هۆشیار بکەنەوە، زۆر جار لە بەرنامە tvیەکان دەبینین کۆمەڵێک لاو و سەنتەر لە بەرنامەیەک دانیشتوون قسە دەکەن، بەڵام مامۆستایەکی ئایینی تێدا نییە، بۆ ئەوەی ئەوانیش قسە نەکەن، بیروڕای خۆیان بە خەڵک نەگەیەنن، داوا دەکەین کە خوای گەورە بمان بەخشێ و چیتر ئەوکوشتارە نەمێنێ...

**هەروەها مەلا "کۆسرەت خدر ئیمام و خەتیبی مزگەوتی شێخ بارام لەمەلا ئومەر گوتی:**

کوشتنی ئەو کچە دژی ئیسلام و یاسای شەریعەتی ئیسلامە و وشەی **(الله اکبر)** یان بەکارهێناوە کە ئەوەش تاوانە، خودای گەورەی سزای ئەو کەسانە دەدات کە کاری نا شەرعی دەکەن و سزای گەورەشی داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ دەکوژن، ئەوەی لەسەر نامووسی ئافرەت دەکوژێ غەریزە وایلێدەکات کە ئەو ئافرەتە بکوژێ و غیرەتی ئاوایە، ژن کاتێک مێردەکەی دەبینێ قسە لەگەڵ ژنێک دەکات خۆی تۆڕە دەکات و خۆی سوردەکاتەوە و دەڵێ: بۆ لەگەڵ ئەو ژنە قسە دەکەی ئەوە غیرەیە، بەڵام پیاوە کاتێ ژنەکەی دەبینێ قسە لەگەڵ پیاوێک دەکات دەیکوژێ لەبەر ئەوەی خۆی بە بەهێزتر دەزانێ بەڵام ئافرەت ناتوانێ، ئافرەت وایلێهاتووە خۆی بەبێ دەسەڵات دابنێ کە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگە کەوای کردوو بەو چاوە سەیری ئافرەت بکرێ وخەڵک وایکردووە،خوای گەورەجیاوازی نێوان هیچ لایەک ناکات،کوشتنی ئەو کچە و زۆربەی ژنەکان نە مامۆستای ئایینی و نە

پیاوێکی یاسایی تێدانەبووە بەڵکو خەڵکی نەزان و نەفس نزم بوونە، ئیسلام ئەوە نییە کە خەڵک تەماشای دەکات، خەڵکیش تەمسیلی بەوە کردووە و خەڵک پەیوەندیان پێوە کردین و دەیانپرسی ئایینی ئیسلام ئەو کارەی قبولە؟ من گوتم: هەزاران جار گوناهە و تاوانە، جارێکی تریش کوڕێکی موسڵمان کچێکی یەزیدی هەڵگرت خۆشی دەویست، یەزیدیەکان هەڵسان کچ و کوڕەکەیان سوتاند، پێش ئەوەش دوو خوشکی کوڕەکەیان لەماڵی خۆیان حیجز کرد گوتیان: ئەگەر کوڕ و کچەکەمان نەدەنە دەستی هەقی خۆمان لەوان دەکەین، ئەوە هەڵەیە و تاوانە بە ناوی ئیسلامە نابێ ئەو شتانە کرابان.

**هەروەهاماموستا مەلا«ئیسماعیل حوسێن» ناسراو بەمەلا «ئیسماعیل پێنجوێنی» خەتیبی مزگەوتی ئیمامی فاروق گوتی:**

ئەو دیاردە قێزەوەنەی کە لە رۆژنامە و گۆڤاوەکاندا بینیمانو خوێندمانەوە ئەوە دیاردەیەکی نامرۆڤایەتیەو دوورە لە کەسایەتی و مرۆڤ ئەگەر جولەکەبێ یان موسڵمان و یەهوودی بەو شێوازە نادروستە جاهیز نییە، ئافرەت کە کوژرا یاخود سوتێندرا و بەرد باران کرا ئەوە پێی دەڵێن: ڕەجم و ڕووتی دەکەنەوە، ئەوە هیچ یاسایەکی قانوونی و ئایینی نییە و وەکو مامۆستایەکی ئایینی من بە کارێکی ناڕەوا و نا دروست و نامرۆڤایەتی دا دەنێم کە دوورە لەڕەوشت و ئەخلاق و ئەوە مرۆڤ سالاریە، خۆشەویست فەرموویەتی کە تۆ چەندگەورەی چەند ڕێزداری بەڵام قەترەیەکی خوێنی موسڵمان گەورە ترو پیرۆزترە، مرۆڤ بنیادێکە نابێ بڕووخێ، ئەوەش سوکایەتیەکە بە هەموو دەسەڵاتەکان و بەگەل و بە هەموو شێوازێکە دەبێت سزا بدرێن،ئەو کوڕ و کچە یەکتریان بە دڵ بووە یانی پێغەمبەری «د.خ» فەرموویەتی: ئەوەی یەکتری بە دڵبێت دەبێت بدرێن بە یەکتر، ئەگەر ئەو کچە درابا بەکوڕەکە پەیوەندی برا یەزیدی و موسڵمانەکان بەهێز دەبوو، ئێستا وێنەی ئەو کچە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش تاوانێکی هەرە گەورەکانە و ئێمە داوا دەکەین لێپرسینەوە لەلایەن حکومەتەوە بکرێت.

**هەروەهاماموستا«مەلا مەحمود فەقێ» پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی«عوسمان خورافان» لە گەڕەکی سایلۆی هەولێر گوتی:** ئەگەر کچێک ڕەدوو بکەوێت و بکوژرێ خەڵک دەڵێن دەستیان خۆش، ئەوە نیشانەی ئەوە نییە دەستی خۆش لەو بکوژانە بکرێ، چونکە ئەو ئافرەتەش حەزی کردووە وەکو هەموو ئافرەتێک بەڕێزەوە بچێتە ماڵی مێردەکەی و لەگەڵ پیاوێکی شەرعی ماڵ پێکەوەبنێ، بەڵام کەس و کاری تووشی ئەو حاڵەتەیان کردووەوە و لەوانەیە ئەو ئافرەتە تاوانی نەبێ، ئەو مەسەلانە پەیوەندیان بە دایک و باوکەوە هەیە و مامۆستایانیش بەشێکیان دەستیان هەیە لەو تاوانە و لە خوانە ترسن و ئەگەر ڕازی بێ یاخود نا، ڕای وەرناگرن و بە هەر شێوەیەک بێت ئافرەت مارە دەکەن، هەروەها کاربەدەستانیش تاوانیان هەیە، ئەگەر کەسێک لە شاردا لە برسان بمرێ، ئەوا زۆر کەس تاوانی هەیە لەو مردنەدا و دەبێت دەوڵەمەندەکان دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن تا ئەمجۆرە تاوانە ڕوونەدەنەوە، کوشتنی ئەو ئافرەتەش بە تاوانێکی زۆر گەورە دەزانم و ئەوە چەندەمین جارەیە،خۆشەویست «د.خ» فەرموویەتی:

ئەوەی مستەهەقی کوشتنی هەیە و دەبێ بکوژرێ دەبێت زۆر ئاگات لە مردن و کوشتن بێت و بە نەرم ونیانی











بیکوژی ونابێ سوکایەتی پێبکرێ، ئەوەش لە ڕوانگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و یاسایی تاوانێکی گەورەیە و ئێمە باسی ئازادی و دیموکراسی دەکەین گەرچی بە ساردی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو تاوانە گەورانە دەکرێ و لە ئەستۆی هەموو کەسێکە کە لە ڕووداوانە نەکۆڵێتەوە بەتایبەتی بەرپرسان دەبوو هەر زوو هەڵوێستیان هەبێت.

**لوقمان عەبدڵڵای گوتی:**

کوشتنی ئافرەت شتێکی زۆر خەراپە ئافرەتیش ماف و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و دەیەوێت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بەرامبەر بە پیاو بژیت، کوشتنی ئەو کچە یەزیدیەش تاوانێکی گەورەو جەرگ تەزێن بوو بەو شێوە ناشرینەکوشتیان، بە کوشتنی ئەو جۆرە ئافرەتە زەرەرێکی گەورە بە وڵات دەکەوێت، هەق وایە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی لە یەکەم رۆژدا نواندبا و ودوای ئەوە دانیشتنێکی تایبەتی لەسەر سازدرابا، چونکە لیژنەی ئافرەتانی پەرلەمان هەیە و ئەی کوا هەڵوێستی نارەزای ئەوان بۆ ئافرەتان هەر باس کردنی سەر زارەکیە و رۆژ بە رۆژیش توند و تیژی زیاد دەکات، هەموو کەسێک لەسەر مۆبایل ئێستا ئەو وێنەیەدەبینن،بەداخەوە ئێمەی لاویش لە هەموو خۆشیەک بێبەش دەکرێن.

**هەروەها «نەجمەدین سەدیق» گوتی:**

داوا لە پەرلەمان دەکەم سەرپێچی کارانی ئەو تاوانانە سزا بدات وبیانداتە دادگا، هەروەها ئەی داواکاری گشتی وڵاتەکەمان کاریان چییە کە بە دوا ئەو ئیشەنەکەون، ئەو ماوەیەکوشتنی ئافرەت زیادی کردووە، داوا لە یاسای پەرلەمان دەکەین هەڵوێستیان هەبێ و تاوانباران وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچن و نەهێڵن ئەو دیاردەیە دووبارە ببێتەوە.

**هەروەها«ئەرخەوان عەلی ساڵح» گوتی:**

بە توندترین شێوە نارەزایی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بەو کارە دزێوانەی کە بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت، ئەی ئەوان دایک و خوشکی ئێمەنین،کوا هەڵوێستی بەرپرسان و حکومەتی کوردستان کوا هەڵوێستی پەرلەمان، ئەو کچە هیچ تاوانێکی گەورەی نەکردبوو کە بەو شێوەیە بیکوژن، بەرپرسان زۆر خەم ساردن بەرامبەر بەو کێشانە.

**هەروەها«وشیار جەبار»یش کوشتنی ئافرەت بە کارێکی ناشیا و وەسف دەکات و دەڵێت:**

حکومەتی کوردستان وەزارەتێکی هەیە، بەناوی مافی مرۆڤ و هەروەها لە پەرلەمانیش لیژنەی ئافرەتان و یاسایی هەیە و رۆژ بە رۆژ ڕێکخراوی ئافرەتان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕوولە زیاد بوون دەکا و لەو لاوەش کوشتنی ئافرەت رۆژ بە رۆژ پەرە دەسەنێ و تاوانبار بۆی دەردەچێ و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ ناکرێ و کوشتنی ئەو کچە گشت کەسێکی خستە ناوبیرکردنەوە بە مافی مرۆڤ و بەرپرسان لە گشت دام و دەزگاکان دەپرسین وپێیان دەڵێین:

کوا ئیش وکارەکان کوا هەڵوێستی بەڕاستی و کردەوەتان، هیواداریین تاوانبارانی بکوژی ئافرەتان بدرێنە دادگا وسزای تاوانەکانیان وەربگرن.

**«شاخەوان عومەر» گوتی:**

کوشتنی ئافرەت هەڵەیەکی نا بەجێیە هەق وایە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی زیاتری هەبێت و ڕێکخراوەکانیش چالاکی و هۆشیاری زیاتر بدەن بە خەڵکی گوندە دێهاتەکان و هۆشیاری رۆشنبیری زیاتر بڵاو بکەنەوە و تاوانباران لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵدا بکرێ و بە سزای خۆیان بگەن،هەروەها ئافرەتانی ناو دام و دەزگاکان زیاتر هەوڵ بدەن لە کێشەکانی ئافرەتان بکۆڵینەوە بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێ.